# دوو پۆستكارد

**ئا: نەوزاد ڕەفعەت**

*** پۆستكارتێكی دكتۆر فەرهاد پیربال بۆ نەوزاد ڕەفعەت(١)**

نەوزاد گیان، هاوڕێم.. سلاو!
شیعری تۆ هەمیشە خەیاڵم بەرز، دەروونم ئارام،
ئەخلاقیشم ئەهوەنتر و پاك ڕادەگرێ!
كە لە شاری ئۆلبۆرگ دەژیام، نامەیەكم بە ناوونیشانی یەكێتیی نووسەرانی هەولێر بۆت ناردبوو، نازانم داخوا بە دەستت گەیشتووە، یان نا؟! لەو نامەیەدا داوای دیوانەكەی خۆتم لێت كردبوو، دیوانە تازەكەت: (نیگەرانی)(٢). تكا دەكەم گەر تا ئێستا نەتناردووە، دانەیەكم بۆ بنێرە؛ لەگەڵ نامەیەك.. بە نامە و هەواڵی ئێوە، خۆشحاڵ دەبم..
بە ئومێدی دواڕۆژێكی ڕووناك، جارێ خواحافیز هاوڕێی شیرین.
چاوەڕێی نامەتم و پەرۆشی خوێندنەوەی تەجرەبە تازەكەت.. نیگەرانی! سلاو و ڕێزم بۆ گشت هاوڕێیان..

---

**١- ئەم پۆستكارتەی ساڵی (١٩٨٥) لە شاری (كۆپنهاگن)ەوە ناردووە.**
**٢- دیوانی (نیگەرانی) ساڵی (١٩٨٥) لە چاپخانەی (الزمان) لە (بەغدا) چاپ بووە.**

*** پۆستكارتێكی تری (دكتۆر فەرهاد پیربال) بۆ نەوزاد ڕەفعەت**
**كۆپنهاگن**

برا و هاوڕێی شیرینم: نەوزاد ڕەفعەت
سلاو
ئومێدەوارم لەشساغ و خۆشحاڵ بن
ئازیزم كاكە نەوزاد گیان
وابزانم ئەمە سێیەم جارە(١) پۆستكارتت بۆ دەنێرم و لە هەواڵت دەپرسم. هیچ جوابێكت نییە! تكام لێت كردبوو كە دیوانە شیعرییە تازەكەی(٢) خۆتم بۆ بنێری. ئەمڕۆ ژمارە ٤٩ی گۆڤاری كاروان-م بەدەست گەیشت. شیعرێكی جوان و بەرزی تۆی تیابوو(٣).. گەلێكم حەز دەكرد، هەر هەموو شیعرەكانی دیوانە تازەكەت بخوێنمەوە.. بیری تۆ و شیعرەكانت دەكەم.
بیری هەموو شتێكی ڕەسەن و جوان..

بچووك: فەرهاد پیربال
لە نۆی دووی هەشتا و حەوت

---

**١- بەداخەوە تەنیا دوو پۆستكارتم پێ گەیشت.**
**٢- مەبەستی دیوانی (نیگەرانی)یە كە ساڵی (١٩٨٥) لە چاپخانەی (الزمان) لە بەغدا چاپ بوو.**
**٣- مەبەستی دەقە شیعری (پیر)ە كە ساڵی (١٩٨٦) لە ژمارە ٤٩ی گۆڤاری كاروان بلاوبووەتەوە. (ن. ڕ)**




